# باسی شەشەم : تیۆری یاری Game Theory

زانای بەناوبانگ "کارل دویتیش" بەم شێوەیە پێناسەی تیۆری یاری ( گەمە ) دەکات (ئەو میتۆدەیە کەپشت دەبەستێت بە هەبوونی هاوتەریبی ولێکچوون لە نێوان هەندێك لەیارییە ئاساییەکان و هەندێك لە حالاتی کۆمەلآیەتی کە دووبارە دەبنەوە، لەبەر ئەمە، چونکە لێکچوونیش هەیە وا باشترە و پێویستە سەرەتا شرۆڤەی یارییەکان بکرێن لەجیاتی حالەتە کۆمەلایەتیەکان، کە کەمتر دەستنیشان دەکرێن لە یارییەکان). سەرەتا ئەم تیۆرییە لە بازنەی زانستەکانی بیرکاری و ئابووری سەری هەڵدا پاشان هاتە ناو زانستە مرۆڤاییەتییەکان لە ناو ئەوانیش دا زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بە پلە یەك گرنگی دەدات بە دیراسەت کردنی ڕەفتاری یاریزانەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بەلآم "ستیفن برامز" دەڵێت: تیۆری گەمە پێك دێت لە : کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا کە یاریزانەکان (یاریزانانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ) پێکەوە گرێ دەدا بە دەرئەنجامەکان.

تیۆری گەمە بەیەکێك لە تیۆرە ستراتیژییە گرنگەکان دەژمێردرێت بۆ هەڵبژاردن و دەرکردنی بریارەکان لە بارودۆخەکانی ململانێ و کێشەو قەیران و ئاڵۆزیە نێودەوڵتیەکان. ئامانجی ئەم تیۆرییە بریتییە لە دیراسەت کردنی ڕەفتاری کاراکتەرەکانی نێودەوڵەتی، پاشان چاك اختیار کردنی یان هەڵبژاردنی باشترین بڕیار لە نێو ئەڵتەرناتیڤە جیاوازەکان، کە دەرهاوێشتەی ئەو هەڵوێستانەن لەئاکامی ململانێی نێودەوڵەتی دا دەردەکەوون. بۆ خۆپاراستن و خۆ بەدوور گرتن لە کەمترین زیان و مەترسییەکان. ئەم تیۆرییە هەوڵی چارەسەر کردنی هەموو ململانێیە نێودەوڵتیەکان دەدات وەك گەمە (یارییەکی) ستراتیژی پەیرەو دەکرێت لەسەر هەموو شێوە وجۆرەکانی ململانێ بەشێوەیەکی گشتی ولەسەر ململانێیەکانی جەنگ و ئاشتی بەشێوەیەکی تایبەت.

"مارتن شوبیك" پێی وایە ئەم تیۆریە بریتیە لە ( ڕێگایەکی ـ بیرکارییانـە ـ بـۆ دراسەکردنی هەندێ لەلایەنەکانی پرۆسەی دروست کردن و وەرگرتنی بڕیارەکان، بەتایبەت لە هەلوێستەکانی تایبەت بە ململانێ نێوان هێزەکان.

لەچـوار چێـوەی ئەم پێناسـانەی خسـتمانە ڕوو دەکـرێ بلـێن کە جەوهەرو کرۆکیتیـۆری گەمە لەسـەر ئەو گـریمانە کـردنە رادەوەسـتێت، کە کۆمەلێـك لە یـاریکەران و بریاردەرەکـان هەن، ئەوانەی کە تێکهەلکـێش و تێکەڵبـوون لە ئامانجەکانیـان دا هەیەو هەوڵـی بەدیهێنانیـان دەدەن، کە پرسـێك یـان قەیرانێـك کۆیان دەکاتەوە، هەروەها هەر یەك لەو یـاریزان و هێـزانەش هەنـدێ دەسـەڵاتی (کـۆنترۆل) بەسـەر هەنـدێ لایەنـدا هەیە، لە پرسـەکە یـان قەیـرانەکە. واتـا هەر یەکێکیان کۆنترۆلی بەشێك لە هەلوێستەکەی لە دەسـتدایە لەنـاو ململانێـیەکە، بۆیە لێرەدا تەنها ئەو بڕیارو پلانانەی کە لایەنێك لەلایەنەکان پەیڕەوی دەکـات و دەری دەکـــات یـــاخوت دەیگـــرێتە بەر تەنهـــا و تەنهـــا گـــرێ نەدراوە بەبەرژەوەندیەکانی خۆیان، بەڵکو دەبێ بەنەزەری ئیعتبـار حیسـابێك بکـات بـۆ بەرژەوەندییەکانی هێزوو لایەنەکانی تریش .

## یەکەم : بنەماکانی تیۆری یاری

تیۆری یاری پشت دەبەستێت بە چەند بنەمایەکی سەرەکی :-

١ – هەلبژاردنەکان : بـۆ هەر لایەنێـك لە لایەنەکـانی یـاری چەنـد هەلبـژاردن و ئەولەویات هەیە، هەروەها لە هەمان کاتدا هەڵـی هەڵبژاردنـی ئازادانەیـان هەیە لە نێـو ئەلتەرنـاتیڤە جیاوازەکـان. بەڵام هەلبژاردنـی هەریەك لەو ئەلتەرنـاتییڤە قەرارییانەی لایەنێك، کاریگەری دەخاتە سەر نرخی ئەو دەستکەوتانی لایەنی تر لە یـارییەکەدا. چـونکە هەڵبژاردنەکـان بـۆ هەمـوو لایەنەکـان ڕەخسـاوە لەبەردەستدایە. ئەم تیۆرییە بۆ ئەوکاتـانە دانـراوە کە مـامەلە لەگەل بـاڕوودۆخە ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکرێت. لە ڕوونکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی قرار لە

بەردەم دانەروو دروستکەرانی بریارەکان،هەروەها یارمەتییان دەدا لە مەڕ شرۆڤەکردن و تێگەیشتنی زیاتر بۆ کێشەکان، پاشان توانای چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی مەنهەجی ترو قوولتر.

٢ – ئامانجەکان : هەر لایەن و کاراکتەرێکی یارییەکە دەست بە ئامانجێك دەگرێت و هەوڵی دەستەبەرکردنی دەدات. سەرەڕای ئەوە هەر کاراکتەرێك تەنها ڕاناوەستێ بە هەوڵدان بۆ دەستە بەرکردنی ئامانجەکەی، بەڵکو هەوڵی دەستە بەرکردنی زۆرترین دەستکەوت دەدات و لە بەرامبەر دەرچوون بە کەمترین زەرەڕوو زیان.

٣ – ئەقلانییەت : تیۆری یاری پشت دەبەستێت بە دەست نیشانکردنی ڕەفتاری ئەقلانی کە ڕەنگە یارمەتی دەر بێت بۆ سەرکەوتنی کاراکتەرەکان. لێرەشدا مەبەست ڕەفتاری دروست کەری بریارە (صانع القرار ). چونکە ئەم تیۆرییە هەقی بەسەر خەڵکانی ئاسایی نییە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دژ بەیەك ڕەفتار بکەن و بە شێوەیەکی نا عەقلانی بێت. ڕەفتاری عەقلانی مەبەست لێی واتا هەر یەك لە یاریزان و کاراکتەرەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی خاوەنی کۆمەلێك قییەم و ئامانجی دیاریکراوون، لەوێشەوە دەستنیشانی ئەو سیاسەتانە دەکات کە بگونجێت لەگەل تواناو ئامانجەکاندا، تەنانەت خۆی بەدوور بگرێت لە بریاری هەڵە. ئەمەش دەبێت بە پشت بەستن بە ڕێکاری بیرکارییانە بکرێت، لەبەر ئەوەیە تیۆری یاری ڕێگایەکی شرۆڤەکارانەیە. لە هەمان کاتدا دەلیلێکە بۆ هەلبژاردنی چاکترین ئامرازوو بریار بۆ کارکردن و سیاسەت کردن لە باڕوودۆخەکانی ململانێی ئالۆزییە نێودەوڵەتییەکان. ئەوەی لەسەر دەوڵەتان داواکراوە ئەوەیە کە گەڕان بکات بەدوای دۆزینەوە و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا لەو هەڵوێستانەی کە دەرئەنجامەکانی دەردەکەوێت لە کرداری لایەنەکانی تر. کە ئامانج لێی دەست نیشانکردنی ئەو کردارە عەقلانییانە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بگات بەو بریاڕوو ڕێگا چارانەی کە زیاتر لە بارن و گونجاوون بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان.

## دووەم: ڕەگەزەکانی تیۆری یاری

تیۆری یاری گریمانەی شرۆڤەکردنی کۆمەڵێك ڕەگەزوو فاکتەر دەکات کە بریتین لە : -

١ – کاراکتەرەکان ( یاریزانەکان )، کاراکتەر و یاریزانەکان، ئەو یەکە سەربەخۆیانەن کە بریار وەردەگرن لە یارییەکاندا.

٢ – ڕێساکان ( القواعد ) کە دەستنیشانی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی لەبەردەستدانە لە یارییەکە. کە دەست نیشانی ڕێژەی ئەوو هەڵبژاردانە دەکات بۆ هەر یەك لە یاریزانەکان.

٣ – ستراتیژییەت : کە دەست نیشانی جموجۆلی کاراکتەڕوو یاریزانەکان دەکات لە کاتی جوولەکردنی ڕکابەر بۆ ئاراستەیەکی دیاری کراوو.

٤ - دەستکەوتەکان، ئەوەش ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنانە دەگرێتەوە کە یەکێك لە کاراکتەر یان خۆت یاریزانەکان بە دەستی دێنن، لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتێکی دیاریکراوودا، ئاماژە بە دەستکەوتەکان دەدرێت بەشێوەیەکی ژمارەیی.

٥ – زانیارییەکان، ئەمەش یارمەتی کاراکتەر و یاریزانەکان دەدات لە دەست نیشان کردن و پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتەکان. هەروەها لە یارییە ستراتیژییەکاندا زانیارییەکان ڕاستی و تەواو نین دەربارەی کە چی ڕوو دەدات لەم جۆرە یارییانە. بۆیە یاریزانەکان هەندێك هێماوو ئاماژە دادەنێن بۆ گەیشتنیان بەیەکدی، لە پێناوو هەلخەڵەتاندنی ڕکابەڕوو دوژمن.

تیۆری یاری لە فیکرە گشتیەکەیدا پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە ململانێیەکان بەشێوەیەکی سروشتی دابەش دەبن بەسەر دووجۆر :

١. ململانێییە کێ بڕکێیەکان (الصراعات التنافسية): سەبارەت بەململانێییە کێ بڕکێ یەکان بەم شێوەیە دەبێت : ئەو دەسکەوت و سودانەی لایەنێك لە لایەنەکانی ململانێ بەدەستیان دەهێنێت لەهەمان کاتدا و بەهەمان دەرەجە دەلالەت لە زەرەڕوو زیانی لایەنی تر دەکات. بۆ نموونە ئەگەر گریمان لایەنێك سەرەتا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەو لەو کاتەدا بەزیان وزەرەری لایەنی تری کێبڕکێکار دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر دواتر لایەنی براوە تووشی دۆڕان یان شکست خواردن بوو لە کات و زەرفێکی تری تایبەت بە هەمان ململانێکە، ئەوا لەو کاتە دەرئەنجامی کۆتایی هیچ (صفر) دەبێت.

٢. ململانێییە نا کێبڕکێیەکان (الصراعات الغير التنافسية):

لێرەدا بەرژەوەندی لایەنەکان مەرج نیە بە تەواوەتی دژ بەیەك بێت، بەو شێوازەی کە لەململانێییە کێ بڕکێیەکاندا هەیە. بەڵکو تا ڕادەیەك بەرژەوەندی لایەنەکان لێك نزیکە یان تداخل و تێکەڵ بوون هەیە تا ئەو ڕادەی کە ڕێگە دەدات گفتو گۆ و سازش وهەندێك تنازولات بکرێت بەشێوەیەکی ئاڵوگۆر لە پێناو گەیشتن بە خاڵی ڕێکەوتن، ئەمەش وادەکات کەپەیوەندی لایەنەکانی ئەم جۆرە حالەت وهەڵوستانە زیاتر نزیك بێتەوە لە پەیڕەوە کردنی سیاسەتی هاوکاری سازش وپێکەوە ژیان.

لەکۆتایی دا دەکرێ بڵێین کە تیۆری یاری لۆژیکێك پێشکەش دەکات، هەموو لایەنێك ئازادە لەهەڵبژاردنی شێوازی ئەو ڕەفتارەی کە خۆی قەناعەتی وایە کە ڕەنگە ئەو ڕەفتارەی بیگەیەنێتە سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانی لەکۆتایی دا. بەڵام ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە ئاگاداری نیەت و پلانەکانی دوژمن و لایەنی کێبڕکێکاری بێت و لێکدانەوەی هەنگاوو بڕیارەکانی ئەویش بکات. کە

ئەویش لەلایەن خۆیەوە ڕەنگە زۆر بە ئاگاو بەعەقلانی و ژیرانە مامەڵە بکات لەگەل پرس و قەیرانەکە.

هەرچەندە تیۆری یاری سەرکەوتنی یەکجار گەورەی تۆمار کردووە بەتایبەت لە دیراسەت کردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەکاتی جەنگ و ململانێ دا. بەڵام دلەڕاوکێ و و خۆپاراستن هەیە لە قابلیەتی جێبەجێکردنی لە بواری دیراسەت کردنی کاروباری نێودەوڵەتی لە کاتی ئاشتیدا. چونکە لەلایەك تا ئێستاش هەندێ دۆزو و پرس (قضايا) هەنە کە بە چەندیەتی و ژمارەیی ناکرێ ناتوانرێ هەندێ هێهای بدرێتێ لەڕووی حسابیەوە وەك مەسەلەی (وورەی سیاسی و سەربازی ) بۆ نەتەوەیەکی جەنگ کار، یان بیرو باوەڕی هێزەکانی شەرکەر.

تیۆری یاری پشت دەبەستێت بە جۆرێك لە تەفسیری عەقلانی کە لۆژیك و و ڕێگا زانستییەکان کۆدەکاتەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەوەوە ئەم تیۆرە هەڵدەستێ بەدەست نیشانکردنی ڕەفتاری عەقلانی کە ڕێگا بەیاریزانەکان دەدات سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئاماژە بەوە نادات کە خەڵك لە بنەڕەتدا کام جووڵەو ڕەفتاروو دەنوێنن، چونکە لە زۆرێك لە کاتەکان دا سەرکردەکان و خەڵك تەسەڕوف دەکەن بەشێوەیەکی نا عەقلانی.

## سێیەم : قەیرانی دوو بەند کراوەکە.

یەکێکە لە گریهانەکانی تیۆری یاری، مەبەست لێی ئەو دۆخەیە، لە نموونەی ئەوەی کە دوو بەندکراو هەن لە ڕاستیدا دادگا و پۆلیسیش بەڵگەنامەی پێوستیان لەبەر دەست نیە بۆ تۆمەتبارکردنیان، تەنها گومان لەسەریان هەیە، لێرەوە بە مەبەست هەردوو بەندکراوەکە بەشێوەیەکی تاکە کەسی بەند دەکرێن لە زیندانی تاکە کەسی دادەنرێن، پۆلیس هەلدەستێت بە لێپێچینەوە کردن لەگەڵیان بەجیا بەبێ ئەوەی هیچ کامیان ئاگای لە دۆخ و ڕەوشی ئەوەی تر بێت. لێرەدا لەبەردەم هەریەکێك لەم دوو بەندکراوە سێ بژاردەهەیە:

ـ شایەدی لەسەر برادەرەکەی بدات و خۆی دەستەوارەیەك لەگەل پۆلیس گری بدات، بەم شێوەیەش وەك دەرئەنجام خۆی براوە دەبیت برادەرەکەشی دۆڕاو، ١٠ ساڵ زیندانی بۆ خۆی و ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ هاورێکەی .

ـ خۆی دان بە تاوانەکی دابنێت. بەم شێوەیە ٢٠ ساڵ زیندانی دەکرێت وەك سزایەك بۆی .

ـ خۆی پابەند بێت بە بێدەنگی و هیچ دانپێدانانێك نە لەسەر خۆی و نە لەسەر هاورێکەی نەدات. بەم شێوەیە لەبەر نەبوونی بەڵگەی تۆمەتی پێویست، بەکەمترین سزا دەردەچێت تەنها شەش مانگ.

دیارە ئەم پرسەی پەیوەست بە نموونەی هەردوو بەندکراوەکە بۆ لێکدانەوەی بارووەدۆخی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك فاکتی لێوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە بەلەبەر چاوگرتنی بوونی کۆمەڵێك پێدراو و فاکتەر لەوانە:

- نەبوونی پەیوەندی نێوان دوو بەندکراوەکە.
- نەبوونی متمانە بەیەکتری و گومان کردن لەیەکتری.
- ژینگەی ناڕوون و داهاتووی مەترسیدار .

لێرەدا وەك دەرئەنجامی لۆژیکی ئەوەیە کە هەر دوولا واتا هەردوو بەندکراوەکە لە زۆربەی کات پەنا دەبەنە بەر بژاردەی نا ئەخلاقی، ئەگەر چی ئەم بژاردەیە لەم ژینگە ئالۆز و ناڕوون و بێ متمانەییەدا بژاردەیەکی ئەقلانییە، لۆژیکیشە، ئەویش ئەوەیە، کە هەریەك لەم دوو بەندکراوە هەلدەستێت بە تۆمەتبارکردنی ئەوەی تر چونکە متمانە نیە لێرەدا ڕەنگە خەسارەتەکە یەکسان بێت بۆ هەردووکیان هەر یەکەیان ١٠ ساڵ زیندانی، بەڵام ڕەنگە هێشتان ئەم خەسارەتە بە براوە دابنرێت بۆ هەردووکیان بەتایبەتی لە دۆخێکی ناڕوون و بەبێ متمانە و بەیەك نەگەیشتن، ڕاستە باشترین بژاردە کە سوودی بۆ هەردوو بەندکراو هەبێت بژاردەی سێیەمە ( ئەویش بێ دەنگ بوون ) بەڵام لە کەش و هەوا و دۆخی بێ متمانە و بەیەك نەگەیشتن، چۆن بێ دەنگی هەلدەبژێرن، چ گرەنتیەك هەیە کە هەر دووکیان بێ

دەنگی هەلدەبژێرن، چونکە ئەگەر بەیەکگەیشتنیش هەبێت لە نێوانیانـدا، هەردوو بەندکراوەکەش ڕێك بکەون لەسەر بژاردەی بێ دەنگی دیسان گرەنتی ئەوە نیە کە هەردووکیان بێ دەنـگ دەبـن، بەڵکـو ڕەنـگە هەریەك لەم دوو بەنـدکراوە، دیـدی خۆی وا دابنێت کە تازە هاوڕێکەی بێ دەنگی هەلدەبژێرێ، ئیتر خـۆی بـۆچی ئەو تۆمەتبار نەکات، کەواتە لە هەموو دۆخێکـدا تەنـانەت ئەگەر بەیەکگەیشـتن لە نێـوان هەردوو بەنـدکراوەکەش هەبێـت دیسـان لـۆژیکی بەهێـز بـۆ بژاردەیـان تۆمەتبارکردنی یەکتری دەبێ، وەك دەرئەنجـامێکی کۆتـایش لە ڕاسـتیدا جـگە لە نەهـامەتی و کارەسـاتی هـاوبەش شـتێکی تـر نـابینرێ، ئەمەش یەکێـك لە بەناوبانگترین شێوە و جۆرەکانی لە ناو بردنی یەکترییە ( نەهامەتی هاوبەشی ) لە نێو تیۆری یاریدا دەردەکەوێت.

یەکەمین کەس کە ئەو دەستەواژەی ( نەهـامەتی هاوبەشـی ) بەکـار هێنـا زانـا (جـاریس هـاردن) بـووە لە سـاڵی ١٩٦٨ وە نمـوونەی کـێلکەی لەوەڕکـردن و بە خێوکردنی ئاژەلانی هێنایەوە، کە چەند لایەنێك موڵکداری ئەم کـێلگەیە دەکەن و لە کاتێکدا ئەم کێلگەیەی بەخێوکردنی ئاژەلان سنورداراه، هەر لایەنێك چەند سەر ئاژەلێکی تیادا بەخێو دەکات و قازانجی هەموانیشی تیایدایە، بەڵام لەو کـاتەی لایەنێك هەوڵدەدات ژمارەی سەر ئاژەلەکانی زیاد بکات بەمەبەستی زیاتر قازانج کردن بە هەمان شێوە لایەنەکانی تریش هەوڵی زیـاد کردنـی سـەر ئـاژەلی خۆیـان دەدەن بۆ ناو کێلگەکە، لە کاتێکدا کێلگەکە سنورداره واتا لە ئەنجامی زیادکردنی ئاژەلەکان، زیانێکی گەورە بەر کێلگەکە دەکەوێت و چیتر قـازانج بـۆ لایەنەکـان نامێنێت بەلکو لەناو دەچێت، بۆیە وەك دەرئەنجام هەمـووان تووشـی زەرەر دەبـن خاکەکە لەناو دەچێت تەنانەت چیتر بەکەلکی لەوەڕکردن و بەخێـوکردنی ئـاژەلان نایەت، لێرەدا زیان و نەهامەتیەکان زۆر دەبن و هاوبەشی دەبـن. هەروەهـا دەشـێ ئاماژە بەهەندێ نموونەی تر بدەین لەسەر ئەو گریانە پڕ بەها و سەرنج ڕاکێشـەی تیۆری یاری لە نێوان پـرس و دۆزەخەکـانی سیاسـەتی نێـودەوڵەتی هـاوچەرخ لە

نموونەی پرسی قەتیس بوونی پلەکانی گەرما و بەرزبوونی پلە گەرمی زەوی چونکە زۆربەی دەوڵەتان لە ڕووی سوتاندنی سوتەمەنیەکان بەشێك لە سوود و قازانجی ئابووری دەکەن لە کارگە و پیشەسازیەکانیان.

بەڵام ئەو کاتەی ئەم هەوڵانە زۆر دەبن و خێراتر دەبن دواجار نەهامەتیە گەورەکە دەست پێدەکات کە هەمووان تووشی سزا ولەناو چوون دێن، کارەساتەکە هەمووان دەگرێتەوە بۆیە بۆ دەرباز بوون لە نەهامەتیە هاوبەشەکان کەلە دەرئەنجامی تیۆری یاری دێتە ئاراوە باشترین رێکار و ڕێکاری هاوکاری هەماهەنگییە. ئەگەر ویست و ئیرادە و هێزی عەقل دۆخی متمانە بەیەکتری هەبێت و بەیەکگەیشتن لە نێوان لایەنەکان هەبێت.

## چوارەم : گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی تیۆری یاری کران

لەگەڵ ئەوەی تیۆری یاری چەندەها سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەڵام ڕووبەڕووی گەلێك ڕەخنە بووەوە:

١ـ هەندێك ململانێی هەیە بەسروشتی خۆیان رێگە نادەن لەبەردەم پەیڕە وکردنی ئەم جۆرە تیۆری یە بە شێوەیەکی عەملی و گونجاو. لەم ململانێیانەش ململانێیە ئایدەلۆژییەکان ململانێیە نەژادی و ڕۆشەنبیرییەکان.

٢ـ ئەم تیۆریە دانراوەو فۆرمەلە کراوە بۆ ململانێیە کێ برکێیە دوولایەنەکان، بە پێچەوانەی ئەم جۆرە ململانێ یانە ناکرێت ئەم تیۆرییە بسەپێنرێت بەسەر جۆرەکانی تری ململانێ.

٣ـ لە سەردەمی ئەمرۆماندا ناکرێ تەنها پشت ببەسترێ بە تەفسیرو شیکارییەکانی ئەم تیۆرییە، زۆر ئەستەمە ئەم جۆرە تیۆریە پەیرەو بکرێت و پەنای بۆ ببرێت چونکە تەواوی ئەگەرەکانی رێکەوتن و هاوکاریکردن لەبار دەبرێن لەنێوان دەوڵەتان و گروپەکانی خاوەن سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراو جۆرن.